ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

شیکردنەوەی 2 - Norton Antivirus 2005.

نووسەر: @:

شیکردنەوەی Norton Antivirus 2005 بەشی دووەم و کۆتایی.
لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا خاڵە سەرەکییەکانی ئەم پرۆگرامەم شی کردەوە، لەم بەشەدا کە بەشی دووەم و کۆتاییە، هەندێک خاڵی وردتر و گرینگتر شی دەکەمەوە، هیوادارم بەسوود بێت.
بۆ بەردەوامبوون لە شێکردنەوەدەکەم دەبێ وێنەیەکی پێشوو دابنێم و لە خاڵی 23 ـەوە دەست پێ بکەمەوە.




23> بە کرتە کرد نە سەر Live Update، پەنجەرەی نوێکاری و داگرتنەکانی دەکرێتەوە. کرتە بکە سەر Next بۆ گەڕان بە دوای نوێکاریە پێویستەکانی پرۆگرامەکەت (ئەگەر پرۆگرامی دیکەی کۆمپانیای Symantec ـت دامەزراندبێت، ئەوا دەگەڕێت بە دوای نوێکاری و داگرتنەکانی ئەو پرۆگرامانەش).




ئەگەر نوێکاری هەبێت، دەبێ کرتە بکرێتە سەر Next بۆ داگرتن و دامەزراندنی نوێکاریەکان، لەوانەیە هەندێک لە نوێکاریەکان کاتی زۆر ببات بۆ داگرتنیان، بەڵام هەموو کات دەبێ دڵنیا بیت لەوەی Virus Difinition Files داگیراوە، چونگە ئەو داگرتنە دەرمانی لەناو بردن و پاراستنی کۆمپیوتەرە لە ڤایرۆسە نوێکان.

پاش تەواو بوون لە داگرتن و دامەزراندن لەوانە پێویست بە سەرلەنوێ هەڵکردنەوەی کۆمپیوتەر بکات، جێبەجێی بکە بۆ جێگیربوونی گۆڕانکاریەکان.

لە پەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامەکەدا کرتە بکە سەر Options، کە لەوێنەی یەکەمی ئەم بابەتەدا دەرکەوتووە.

پاشان پەنجەرەی هەڵبژاردنەکانی پرۆگرامەکە دەکرێتەوە.




Auto Protect.

<25 How To Stay Protected، چۆن پارێزراو بی.

<26 پاراستنی خۆکار چالاک بێت. (ئەمە خاڵێکە کە ئەبێ چالاک بێت، ئەگەر چالاک نەبێت کۆمپیوتەرەکەت ترسی تووشبوونی بە ڤایرۆسەوە زۆر زۆرە).

<27 دەستپێکردنی پاراستنی خۆکار لەکاتی هەڵکردنی کۆمپیوتەردا. (ئەبێ چالاک بێت).

<28 پیشاندانی ئایکۆنی پرۆگرامەکە لە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەوە.

<29 کاتێک پەڕگەی تووشبوو بە ڤایرۆسەوە دۆزرایەوە دژەڤایرۆسی نۆرتۆن چی بکات؟

<30 بەخۆکاری پەڕگەکە خاوێن بکات.

<31 هەوڵ بدا بۆ خاوێنکردنەوەی پەڕگەکە، گەر سەرکەوتوو نەبوو ئەو پەڕگەیە بخرێتە نێو لیستەی ڕەشی پرۆگرامەکەوە.

<32 چالاکی پەڕگە تووشبووەکە دابخرێت بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

<33 لە کام جۆرە پەڕگانە بگەڕێت بۆ ڤایرۆس؟

<34 لە نێو پەڕگە بنچینەییەکان، بە واتایەکی دیکە ئەو پەڕگانەی کە وەگەڕخەری سیستەمن.

<35 ئەو پەڕگانەی کە دیاریکراون و ناسراون.

<36 پەڕگەی پێچراوە.

ئەگەر بتەوێ هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەو بەشە وەک خۆی بێت و گۆڕانکاری جێبەجێ نەبێت، دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Page Defualt، بۆ گەڕاندنەوەی هەموو هەڵبژاردنەکانی پرۆگرامەکە بۆ شێوەی سەرەکی خۆی دەتوانی کرتە بکەیتە سەر Defualt All.

Live Update.




Live Update بەشێکی زۆر گرنگی هەموو پرۆگرامەکانی دژە ڤایرۆسن، بۆیە دروست کارکردنی ئەو بەشە شتێکی پێویستە.
39> چۆن نوێکراوە بیت؟
40> نوێکردنەوەی خۆکار چالاک بێت. (پێویستە وابێت).
41> جۆن پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت لە ڤایرۆسەکان چالاک و پێشکەوتوو بێت؟
42> نوێکردنەوەی بەرگری پرۆگرامەکە بە بەردەوامی. (ئەبێ وابێت).
43> نوێکاریەکانی ئەو بەشە دابگیردرێت و جێگیربکرێن بە بێ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەر.
44> ئاگادارکردنەوە لە کاتی هەبوونی داگرتنی نوێ دا.
45> چۆن نۆرتۆن بۆ هەمووکات نوێکراوە بێت؟
46> لەرێگەی ئاگادارکردنەوە لەکاتی هەبوونی داگرتندا.
47> چۆن پارێزراو بیت؟
48> پاش هەموو داگرتنێکی نوێکاریەکان چێک کردنی خێرا دەست پێ بکات.
بەو شێوەیە شیکردنەوەی خاڵە سەرەتایی و گرنگەکانی دژەڤایرۆسی نۆرتۆن کۆتایی پێدێت، هیوادارم بەسوود بووبێت.

Oct 2005 13

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

**Sagging Face Skin?**
Regain a More Youthful Appearance in 30 minutes! Learn More Now

Ads by Google